IB - SAIWANI

IB-Saiwani Beratender Ingenier

Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin



## سێکتەری هاتووچۆ

ئەم بەشە خزمەتگووزارییە لە باکووری عێراق، ڕێگای هاتووچۆ و ڕێگای ئاوی و هێڵی ئاسنین ئەگرێتەوە بەبێ شوێنی وەستان و چاوەڕوانکردن تیایاندا.
Preservation Need بۆ ئەم بەشە بە نزیکەی 2912,91 Mio. US $ و
Extension Need بە 2621,79 Mio. US $ مەزەندە کراوە.

ڕوونکردنەوەی زیاتر لەم نەخشەیەدایە:

| Preservation Need | | | Extension Need | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Express Street | 22% | 640,84 Mio. US $ | Express S. | 24% | 692,23 Mio. US $ |
| Major Street | 47% | 1369,07 Mio. US $ | Major S. | 50% | 1310,90 Mio. US $ |
| Water Passages | 10% | 291,29 Mio. US $ | Water P. | 2% | 52,436 Mio. US $ |
| Railways | 15% | 436,94 Mio. US $ | Railway | 14% | 367,05 Mio. US $ |
| Airports | 6% | 174,77 Mio. US $ | Airports | 10% | 262,18 Mio. US $ |
| **Sum:** | **100%** | **2912,91 Mio. US $** | **Sum:** | **100 %** | **2621,79 Mio. US $** |

Extension Need بۆ مەجالی هێڵی هاتووچۆی خێرای نێوان شارەکان و دروستکردنی فڕۆکەخانە بوودجەیەکی زیاتری ئەوێت وەک لە بوودجەکەی بۆ Preservation Need، واتە بۆ چاککردنەوە و تەرمیماتی بینا درووستکراوەکانی مەجالە خزمەتگووزارییەکانی تری بەشی هاتووچۆ، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە شارەکان پێویستی زیاتریان بە بیناسازی تازە هەیە کە گوونجاو بێت لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆدا لەو بەشانەدا.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، پێویستە لە مەجالی هێڵی هاتووچۆی خێرادا لەنێوان شارەکانی باکووری ووڵاتدا نزیکەی 1500 کیلۆمەتر جادە چاکبکرێنەوە و نوێژەن بکرێنەوە و نزیکەی 2000 کیلۆمەتر جادەی تر لە هێڵی خێرا درووست بکرێن لە ناو شارەکان و لە دەرەوەی شارەکاندا.
هەروەها لە مەجالی Major Street دا پێویستییەکان خۆیان لە نزیکەی 1500 کیلۆمەتر جادە بۆ نوێژەنکردنەوە و 1500 کیلۆمەتری تر بۆ جادەی نوی، ئەبیننەوە.

Water Passages تەنها بەشێوەیەکی کەم نوێژەن ئەکرێتەوە و ڕێگای تازەی بۆ درووست ئەکرێت، زیاتر بەنداوەکان و پردی سەر ڕووبارەکان درووست ئەکرێن و نوێژەن ئەکرێنەوە. بواری سەرچاوە ئاوی یەکان کاری حکومەتی عێراقە نەک کاری هەرێمەکان. بوودجەی تایبەتیش بۆ درووستکردن و نوێ کردنەوە تیایاندا ئەکەوێتە سەر شانی ووڵات.

بڕی 367,05 Mio. US $ بۆ Extension Need لە مەجالی هێڵی شەمەندەفەردا بە ڕێژەیەکی کەم هاوتا ئەژمار کراوە، چوونکە ئەو هێڵە ئاسنینانەی کە هەبوون ڕووخاون و سەرجەمیان پێویستیان بە نوێژەنکردنەوەی سەرتاپایی هەیە و درووستکردنی هێڵی تازەش داواکارییەکی پێویستە بەهۆی گەورەبوونی شارەکان و شارۆچکەکانەوە، بۆ نموونە:
هێڵی ئاسنینی نێوان بەغداد-موصڵ و بەغداد-کەرکوک پێویستییان تەنها بە نوێژەنکردنەوە هەیە، بەڵام نێوانی شارەکانی تر سلێمانی – کەرکوک
سلێمانی – هەولێر
هەولێر – کەرکوک

هەولێر – موصڵ
هەولێر – دهۆک
دهۆک – موصڵ

پێویستە هێڵی ئاسنینی تازەیان بۆ درووست بکرێت، چوونکە لە ڕابووردوودا هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان ئەو شارانەدا لەبەر هۆکاری سیاسی درووستنەکرابوون.
بیناسازی لەم مەجالانەدا تەنها شوێنی نەفەر و تەجهیزکردنی مەوادی بینا ناگرێتەوە، بەڵکوو بینای ئیداری و شوێنە لکاوەکانیش پێوەیان بۆ فەرمانبەران و کارمەندان، ئەگرێتەوە.

Extension Need لە مەجالی درووستکردنی فڕۆکەخانەدا لە باکووری عێراق تا ساڵی 2015 چڕ ئەبێتەوە، لەگەڵ نوێژەنکردنەوەی فڕۆکەخانەی موصڵ دا، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و هەولێر درووستئەکرێن، کە لە ساڵی 2005 دا بڕیارە بخرێنە کارەوە.

هەروەها هەندێک لە فڕۆکەخانەی پچووک لە باکووری عێراق، کە لە ڕابووردوودا تەنها بۆ کاروباری سەربازی بەکار ئەهێنران، پێویستیان بە نوێژەنکردنەوە هەیە. جادە و شەقامەکانی هاتووچۆ و خزمەتگووزارییەکانی سەریان پێویستە بە تەواوەتی نوێژەن بکرێنەوە، چوونکە بەهۆی جەنگەکانی عێراقەوە لە بنەڕەتدا تێکدراون و لە دوایشدا لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە پشتگوێ خرابوون.

گرفتی هاتووچۆ لە باکووری عێراق لە دەمێکەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی گرفتی ئابووری لە تەواوی عێراقدا، دوای جەنگی عێراق-ئێران سەری هەڵداوە. لە دوای ڕزگارکردنی عێراقیش لە ساڵی 2003 ەوە دیاردەی Motorising بەڕێژەی 40% زیادی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە نەتوانراوە ئابووری ووڵات لەم ماوەیەدا کۆنترۆڵە بکرێت، پێویستە دیاردەی هاتووچۆ لەگەڵ پێشەوەچوونی ئەمڕۆی بزووتنەوە و جووڵانەوە دا واتە Motorising بگوونجێنرێت.

زیادکردنی دیاردەی Motorising لە کوردوستان بەپێی سەرچاوەکان خۆی لە زیادبوونی:

- ژمارەی سەیارەی خصوصی بۆ 318000 و
- ژمارەی پاص بۆ 5610،
- 

کە 75%یان لە شارەکاندا بەگەڕ ئەخرێن، ئەبینێتەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا، long Vehicle, Motor Cycle و سەیارەی تەکسیش بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

Saiwani